# ستراتیژی کوردستان له راگه‌یاندنه کانی فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد دا .

**هه‌لۆ به‌رزنجه‌یی**

[[ ده‌ڵێن له تانجییان پرسی ، تۆ له که‌روێشک به‌هێزتر و گه‌وره‌تر و خێراتری
، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که‌روێشکت به ئاسانی بۆ ناگیرێت . تانجی له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێ : گه‌لۆ
ئاخر ئه‌و بۆ خۆی راده‌کات و من بۆ خه‌ڵکی خۆم ده‌ڕه‌تێنم...]]

(( قیادی ـ تالبانی ـ یتالب بتغیر علم کردستان لیمتل العرب والترکمان )) و (( دستور الکردی کتب بعقلیه قومیه تاغیه )) رۆژنامه‌ی الحیاه و ماڵپه‌ڕی العربیه‌ی رۆژی 26.10 . 2006 له راگه‌یاندنێکی کاک فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رده‌وه....

فـــــــــــــه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد ناوێکی نامۆی دنیای نووسینی کوردییه نییه . به‌هه‌ند وه‌رگرتنی بیرورا و و نووسینه‌کانی به‌ر له‌هه‌ر شت ، له‌ووه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت ، که پله و پایه‌یه‌کی دیاری لای ی ن ک هه‌یه . ناوبراو ئه‌ندامێکی باڵا و سه‌رۆکی سه‌نته‌ری لێکۆڵینه‌وه‌ی ستراتیژیی کوردستان و قوتابی و رۆڵه‌ی مام جه‌لاله .* له سێبه‌ری ئه‌م هه‌موو ناونیشانانه‌دا کاک فه‌رید ئۆتۆماتیکی ده‌بێته ژماره‌یه‌کی دیکه‌ی سه‌ر ژماره سه‌قه‌ته‌کانی کۆنتۆی خوێنده‌وار و قه‌ڵه‌م به‌ده‌ستانی کورد .

ئه‌م پێشه‌کییه کورته هه‌ر بۆ زه‌مینه‌خۆشکردینی باسی عێراقی بوونه ، که کاک فه‌رید تێیدا ریکۆردی شکاندووه . له‌دوای روخانی سه‌دامه‌وه نووسین و چاوپێکه‌وتنێکی کاک فه‌رید به‌رچاو ناکه‌وێت ماموستا و بیرمه‌ندئاسا عه‌وداڵی بڕوبیانوو و به‌هانه داتاشین نه‌بێت بۆ عێراقی بوونی کورد . بۆ ره‌وایی هه‌ڵکردنی ئاڵای عێراق . هه‌ر هه‌موویشی به‌مه‌ستی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی بیر و داوای سه‌ربه‌خۆیی کورد و کوردستانه ، که ئێستا له‌هه‌ر کات زیاتر بیر و داوایه‌کی باڵا و سه‌رووه‌ره له نێو ویستی جه‌ماوه‌ری کورد دا .

پێش ماوه‌یه‌ک له‌دوای خوێندنه‌وه‌ی به‌رهه‌مێکی ناوبراو به‌ناوی (( المساله الکردیه ، بعد قانون اداره الدوله العراقیه )) 2004 سلیمانیه . کۆمه‌ڵێ تێبینی گرنکم لا دروست بوو . هێنده‌ی نه‌برد له‌سه‌روبه‌ری کێشه‌ی ئاڵای کوردستان و عێراقدا گوێ بیستی دوو دیداری له کوردستان تیڤا و کوردساتدا بووم .

پوخته‌ی بیرورا گشتییه‌کی دۆزینه‌وه‌ی بیانووو یاسایی ناواقعی و نا رۆشنبیرانه و ناکوردانه‌یه بۆ هه‌موو ئه‌و پرۆسانه‌ی کورد به‌ره‌و سه‌ربه‌خۆیی و دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی ناسیونال ده‌به‌ن .

لێره‌دا به تێرو ته‌سه‌لی وه‌ڵامی ناوه‌رۆکی کتێبه‌که‌ی نادەمه‌وه ، تا ده‌رفه‌تێکی تر ساز ده‌بێت ، وه‌لێ یه‌خه‌گیری دوا راگه‌یاندنی و هه‌ندێ بیروڕای نامه‌سئولانه‌ی دیکه‌ی ده‌بم .

ئه‌و وێنه‌یه‌ی ئه‌و بۆ چاره‌سه‌ری کێشه‌ی کوردی ده‌کێشێ ، که‌م دوژمنی کورد هێنده تێیدا پیتۆڵه .

فه‌رید ده‌ڵێ

هه‌ڵکردنی ئاڵای عێراق پێویسته ، چونکه ئێمه به‌شێکین له عێراق ـ عێراقی داگیرکه‌ر و عێراقی سڕاوه و دارووخاو و له‌به‌ریه‌ک هه‌ڵوه‌شاوه له نێو کۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تیدا ـ . له‌ژێر په‌رده‌ی ئه‌م راگه‌یاندنه ناکوردستانییه‌دا ، کۆمه‌ڵێ بیروڕای چه‌وت و که‌ڕوو و قه‌وزه‌گرتوو ده‌هێنێته‌وه ، به ویژدان و لۆژیکی که‌سدا ناچێت ، ته‌نها به هی ئه‌و و چه‌ندانێکی دیکه‌دا بێ یه‌ک و دوو گوزه‌ر ده‌کات . شین و شه‌پۆڕ بۆ ئاڵای عێراق بۆ که‌سێکی وه‌ک فه‌رید پێش له‌هه‌ر هۆیه‌ک پێده‌چێت بۆ ئیلتیزامێکی دیاریکراو بگه‌ڕێته‌وه!! . یان فه‌رمانی ئاغایه‌که و ده‌بێت پیاده بکرێت !! مافی هه‌ر دڵسۆز و خه‌مخۆرێکی کورده به گومانه‌وه ئیست له‌سه‌ر ئه‌م هه‌ڵوێسته ناره‌سه‌نانه بکات . ده‌نا له دۆنمی ئه‌قڵی کامه کوردستانیدا جێی نه‌مامێکی عێراقی تێدا ده‌بێته‌وه

. ئەوە مێژووی هەموو خەباتی میللەتانی بندەست ، بزانن ڕۆشنبیرێکی فەلەستینی پەی پێ دەبەن بڵێت من ئیسرائیلیم . ئەرمەنییەک دەدۆزنەوە بڵێ من تورکیاییم ، پۆڵەنیاییەک دەبیننەوە رایبگەیێنێ من ئەڵمانم و جولەکەیەک نییە هاواری کرد بێت من ئەڵمانیایم و عەجەمێک نەبووە ووتبێتی من ڕۆمیم . کەچی ڕۆشنبیر و سیاسی فەریدئاسا ی دەشتی هەولێر و بناری هەیبەت سوڵتان و پێدەشتەکانی گەرمیان خۆیان بە فەلوجەیی و کەربەلایی و قاهیرەیی و دیمەشقی دادەنێن . قەیرانی ئەقڵ و هزری خەباتی میللەتانە . دەنا لۆجیک لەمە چەوتتر و نەزانی لەمە قوڕی خەستتر و کەسایەتی و بودەڵەیی لەم لاوازتر و تێکشکاوتر لە چ کون و قوژبنێکی ئەم گۆی زەوییەدا چنگ دەکەوێت !!؟؟.قەیرانە ، قەیرانی هەموو مانا و پرنسیپێکی شۆڕشگێڕانە و چەمکی خەباتی نەتەوەیی و بەها مرۆییەکان...و و و

کاک فەرید رادەگەیەنێ :

هەڵەیە داوای سەربەخۆیی بکەین . بەو بیانووەی کە ئەم کارە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێی تێدا نییە . وە هەروەها بەرژەوەوندی کورد لە مانەوەی لە عێراقدایە . دەبێت کار بۆ دیموکراسی بکەین و چاوەڕێ بین تا هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرشنگی دیموکراسی دەگاتێ . پاشان شووڵی لێ هەڵدەکێشێ و بۆمان دەنووسێ کەوا : داوای کورد لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ فدراڵی لە هۆشیاری و گەشەکردنی کوردەوە سەری هەڵداوە . بەم تێزە ووڕێنەئاساییانەدا وا دەردەکەوێت کەوا لەم قۆناغەدا ئەو و حیزبەکەی ئەو کە کاری تێدا دەکات ، کوردیان هۆشیار کردۆتەوە .ئەمەش بۆ خۆی خۆگێلکردن لە مێژوو و راستییە رووتەکانی بەدەر دەخات . مێژووی بیری سەربەخۆیی و داوای قەوارەکی نەتەوەیی ، نەک فیدرالیخوازی کورد بۆ سەردەمی خانی و حاجی قادر و ئەورەحمان پاشای بابان و راپەڕینەکانی شێخی نەهری و سمکۆی شوکاک کە زیاتر لە 300 ساڵ بەر لەئێستایە دەگەڕێتەوە .ئەم هەوڵی راستی شێواندنە بە ڕۆژی نیوەڕۆ هەر گوناهی فەرید نییە ، لەبەرئەوەی ئەو بەرهەم و راپەرینانە نە باوەڕ و ستراتیژی پیرۆزی بژێوی ئەوو حیزبەکەی بوون و نە بە سەرچاوە و مێژووی خۆشیان زانیوە

گەر ڕۆژگاری سیاسی بە بارەکەی دیکەدا بەرژەوەندی کاک فەریدی هەڵبسوڕانایە ، وا ئێستا هەزار و یەک بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بۆ رەوایەتی و بەڵگەنەویستی بزافی رزگاریخوازی کورد و ویست و داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیونالیستی کوردی دەهێنایەوە و عەرشی پڕ دەکرد لە ناڵە و هاواری خۆی . بەڵام هەتا هەنووکە کاک فەرید بە خەیاڵی یۆتۆپیایی و عێراقچێتی و تورکپەرستی مەست و خەیاڵە . بۆ کاک ئەسەسەرد خێرو بێر لەمەدایە نەک لە کوردایەتیدا .

هەموو راستییەکان بۆمان دەسەلمێنن ، کە بیانووەکانی فەرید لە کتێبخانەی سەنتەرەکەی ئەودا نەبێت لە هیچ مۆزەخانەیەکی کۆنیشدا نەماوە . ئێ خۆ دەزگاکەی کاکە فەرید بۆ ئەوە سازنەکراوە ڕۆڵ لە هۆشیاکردنەوەی کوردا بگێڕێ بە قەدەر ئەوەندەی چەواشەی بکات .بۆیە بەلامەوە سەیرە

دەبێت کاک ئەسەسەرد بە چ قەناعەت و باوەڕ و ئامانجێکەوە کاتی خۆی چووبێتە شاخ و ناوی پێشمەرگەی لە خۆی نابێت . بۆ کوردایەتی ، یان بۆ داکۆکی لەو ئامانج و دروشمانەی تا ئێستا خۆی بۆ قەزاوەگێڕ کردووە؟؟. دیارە ڕۆژانی شاخیش ئاووسن بەم بیرۆکە بیژۆکانە .

ناوبراو دەڵێ : پێویستە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بکەین لەمەڕ سەربەخۆیی کوردستانەوە . ئەو بەرێزە چونکە خەر خەریکی رێکەوتنامە و موفاوەزاتی ئاشکرا و نهێنی بووە . بە ناميلکە و کتێبۆلکەی قەبارە ئەستوور و رەنگووالای تایبەت و بە ناونیشانی سەرنجراکێشەوە پاساوی بۆ هێناونەتەوە . چونکە

بێ ئیرادەو بێ ستراتیژە و ئەقڵی تەنها لەو تەوەرانەدا خول دەخوات ، کە لە بتەڕەتدا بەشێکە لە سیاسەتی سازشکاریی هەلپەرستی . کاک فەرید باوەڕی بە خەباتی نەتەوەکەی و سەرکەوتنی و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی نییە ، بۆیە لە ئەزەلەوە ئاڵای سپی هەڵکردووە و چوارمشقی لەسەر تەختی رازاوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان لێ دانیشتووە .

ئاخر دەبێت چ میللەتێکی بندەست ڕێکەوتنی لەگەڵ میللەتی سەردەستدا بۆ سەربەخۆیی خۆی کردبێت . ئایا ئەو نەتەوانەی رزگاریان بووە بە ڕێکەوتن بە سەربەخۆیی خۆیان گەیشتوون ؟ گەر وابێت ، هەموو مێژووی خەباتی رزگاریخوازی ئەو نەتەوانە بە هەڵە و بە درۆ نووسراوەتەوە .

پێدەچێت کاک ئەسەسەرد زۆر دواکەوتبێ لە راگەیاندنی داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان ، بۆیە رادیکالانەتر لە هاوبۆچوونەکانی د. نوری تاڵەبانی و فەلەکەدین کاکەیی و هتد.. هاتۆتە قسە و واوەیلایەتی گوایە دەستووری کوردستان بەگیانێکی خەستی نەتەوەیی نووسراوەتەوە .

پەحــــــا کورد لە چ ماڵوێرانی و مەرگەساتێکدا هەناسەی ژیانی بێ دەوڵەتی بەدەستی بەناو ئێلیتی رۆشنبیرەکانییەوە دەدات . ئەم داروەدەستە داشۆراوە لە وڵاتپارێزی و بەناوی
جۆراو جۆر و بە بڕوبیانووی هەمەچەشنەوە ، وێستگە بە وێستگە بە لێدانی دەهۆڵی دڕاو و ژەنینی بالۆرەی ژەنگاوییەوە خۆیان دەکەنە ئاستەنگی بەردەم ڕەوڕەوەی کوردایەتی .

ئەم دەنگە ناسازانە کاتێ بڵندکرانەوە ، کە بە بڕیاری سەرۆکایەتی کوردستان ئاڵای بەعس لابرا . هەتا ئەو دەمەی ئاڵای بەعس و عروبەی عێراقی بەسەر بارەگا و دائیرەکانیانەوە دەشەکایەوە و ئامادەیی هەبوو ، ئاڵای کوردستانیش سەرنج و ڕەخنەی لەسەر نەبوو ئەم گروپە متەقیان لێوە نەدەهات ، هەر وەک چۆن ناحەزانی ئاڵا کپبوون . هەر لەگەڵ بڕیاری لابردنی ئاڵای داگیرکەردا ، ئەمانە شان بەشان و بەرووددوا لەگەڵ شاڵاوی شۆفێنی و ڕەگەزپەرستەکانی عروبە و تۆرانییەکاندا کەوتە جرتوفرت و تەواوکردنی تەقەلای رشتنی رق و کینەیان بەسەر کورد و کوردستاندا .

کەر ئاڵامان گۆڕی ، دەبێت ئەی ڕەقیبیش بگۆڕین و بە دوایدا نەورۆزیش مشتوماڵ بدەینەوە هەتا دەگەینە گۆڕینی ناوی کوردستانیش . چونکە ئاماژەی بۆ تورکمانی پاشماوەی سیاسەتی سوڵتان سەلیم و عەرەبی هاوردەی نیشتەجێکراوی عەفلەق و سەدامی تێدا نییە . ئەمە بەرنامە و ویستی فەرید و هاوبۆچوونەکانێتی
.

داخۆ چ وڵات و نەتەوەیەک هەیە ئاڵای خۆی لەبەر خاتری کەمە نەتەوە گۆڕی بێت ؟؟!! ئەوە فەرەنسا و یابان و سوید و هەموو نەتەوەکانی دنیایە کێ شتی وای کردووە . دیارە دەتانەوێ ئەو شەڕەی ئێستا کورد و کوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا لەپێناوی ئاڵا و کەسایەتی کوردیدا دەیکات ، هەمان شەڕ لە ناو ماڵی کورددا بەرپا بکەن . بەنیازن ئەو هەموو تاوانانەی بە ناوی برایەتی و ئیدیۆلۆژی و چینی چەوساوەوەــــ کە هەموو عێراقچێتی بوو ــــ تۆمارتان کردووە ، ئیمرۆش بەناوی دیموکراسییەوە چەندبارەیان بکەنەوە؟؟.ئەوە ئەمەریکا بەو مەزنایەتییەی خۆیەوە کۆڵی لە دیموکراتیزەکردنی ئەقڵی عەرەب و عێراقی سیستانی و موتڵەگ هێناوە ، کەچی سیاسی و رۆشنبیرانی کورد لەو بەزمەی لەسەری دەقیان گرتووە واز ناهێنن .

مەخابن ئەگەرچی کورد ئیمرۆ بەلەنگاز و دەست کورتە و بارودۆخی بندەستی و دواکەوتوویی دەرەتانی پێ نەداوە بێتە خاوەنی دامودەزگاو دەوڵەتی ناسیونالیستی خۆی ، تا پێناسە و سنووری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی رابگەیێنێت و هێڵی سوور رابکێشێ . تاوەکو هەموو کاک فەریدئاساکان نەتوانن توخنی باسەهایەکی لەم چەشنە بکەون . کورد هەر وەک نەبۆتە خاوەنی ئەم دەستکەوتانە ، هاوزەمان سەرکردایەتییەکی حەکیم و دڵسۆزیشی تیا هەڵنەکەوتووە ، ئەو بارە لەنگەی بۆ هاوسەنگ بکاتەوە و

دادگایەک بۆ هەر ناپاکی و خراپەکارییەکی دەرهەقی دەکرێت دابنێت . لە هەلومەرجی ئێستای کورددا ، کە تەماشای کاک فەرید و سەنتەرەکەیی و حکومەتی کوردستان و وەزیری رۆشنبیرییەکەی دەکەم پەندێکی کوردیم دێتەوە یاد کە پڕ بە پێستی بارودۆخەکەیەتی . پەندەکە دەڵێ : ئەوەی لەدوای گوێدرێژەوە بڕوات ، دەبێت بۆنی تەرس بکات .

بەڵام ئەوەی هیچ گومانێکم لێی نییە ، هۆشیاری جەماوەری کورد و رۆڵە بەئەمەک و دڵسۆزەکانێتی بەرانبەر بەو هەموو ستەم و زوڵم و ناهەقییەی لە کورد و مەسەلە رەواکەی لەسەر دەستی داگیرکەران و دوژمنان و دەسەڵاتداری بێگانەپەرست و گومانلێکراوی ناوخۆدا لێی دەکرێت .مێژوو بە درێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی چەند ستەمکار و کاولکاری تێدابووبێت ، لە تاوانەکانیان خۆش نەبووە و مەحکوم و گۆڕبەگۆڕی کردوون .

رۆژی نزیک بوونەوەی کورد لە دوا ئاواتەکانی بەڕێوەیە . زبڵدانی مێژووش ترۆپکی بەرزی دوژمنانێتی .